ئۆتۆمبێلێك لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی حەلەب کرایە ئامانج



هێزەکانی سوریا بە ماڤەکانی مرۆڤ ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، ئۆتۆمبێلێك لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی حەلەب کراوەتە ئامانج.

هێزەکانی سوریا بە ماڤەکانی مرۆڤ لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "ئۆتۆمبێلێك ڕاستەوخۆ لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی حەلەب کراوەتە ئامانج کە هاوکات بوو لەگەڵ فڕۆکەیەکی جەنگی بەسەر ئاسماندا".

ئاماژەی بەوەشکردوە، بەهۆی بڕدومانەکەوە ئۆتۆمبێلەکە بەتەواوی سوتاوە، تا ئێستا هیچ زانیارییەکی پشتڕاستکراو لەبارەی قوربانییەکانەوە ئاشکرانەکراوە.

ئەوەشیخستەڕوو، "دەستبەجێ دوای تەقینەوەکە تیمەکانی ئەمبوڵانس گەیشتونەتە شوێنی ڕووداوەکە، لەکاتێکدا هەشتا ژمارەی قوربانییەکان نەزانراوە".